# تەفسیری ئایەتی

( ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ ... )

[ كردي – کوردی – kurdish ]

عەبدولسەلام پشدەری

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

٢٠١١ - ١٤٣٢

IslamHouse.com

﴿ تفسير الآية ( ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ ... ) ﴾

« باللغة الكردية »

عبد السلام بشدري

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# تەفسیری ئایەتی

## ( ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ ... )

خواگەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا یاسا و ڕێسایەکی ئیلاهیەکانمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە لەگەردووندا بە درێژای مێژوو دووبارە بووەتەوە، ئەویش ئەوەیە تەوای هەموو ئەو نەهامەتی و نەداری و قات وقڕییەی کە هاتووە بە بەسەر ئوممەتانی پێش ئیسلام و پاش ئیسلامیش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خراپە وخراپەکاریانەی کە مرۆڤەکان ونەوەکانی ئادەم ئەنجامیان داوە و ئەنجامی ئەدەن، لەبەر ئەوە هیچ کاتێك خوای گەورە زوڵم وستەم ناکات لە بەندەکانی و بەبێ هۆ سزایان نادات .

ابن القیم الجوزیة ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا ئەڵێت : ئەو کەسەی کە شارەزای ڕووداو و گۆڕانکاریەکانی جیهان ومەبادیئەکانی بێت ئەزانێت کە تەواوی گەندەڵی و فەساد وخراپ بوونی کەش وئاو هەواو ڕووك و گیاندارەکانی ڕووی ئەم زەویە وئەحواڵی خەڵکەکەی پاش چەند هۆکارێك بوون کە زادەی دەستی مرۆڤەکانن، بەردەوام هەمیشەش سەرپێچی ئەوان لەبەرامبەر پێغەمبەران وفەرمانەکانی پەروەردگاردا هۆکاری سەرەکی ئەو فەساد وخراپەکاریانەیە بەگشتی وهێنانی تەواوی ئێش ئازار و نەخۆشی و تاعون وقاتوقڕی و ووشکە ساڵی وگرتنەوەی بەرەکەتی ئاسمان و زەوی وبەرووبومی کشتوکاڵ یان کەم بوونەوەی و کوورتهێنانی ساڵانەی هەر هەمووی وەك هەڵقەکانی زنجیرێك وان کە یەك بەدوای یەکدا ئەوی دیکەیان ئەویتر رادەکێشێت وبەدوای خۆیدا دەیهێنیت، جا ئەگەر دەتەوێت چاك لەم ووتانە تێ بگەیت زۆر بەووردی بیر لەمانا و تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزە بکەرەوە کە پەروەردگاری باڵادەست فەرموویەتی : (ظَهَرَ الْفَسَادُ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ بِمَا كَسَبَتْ أَيْدِي النَّاسِ لِيُذِيقَهُمْ بَعْضَ الَّذِي عَمِلُوا لَعَلَّهُمْ يَرْجِعُونَ ) واتە : پشێوی و برسیەتی و قات و

قریی و گرانیی و نائەمنی و خنکان و نەخۆشی و بوومەلەرزە و تاوان و خراپە دەرکەوتووە و هەموو سەر زەوی و دەریاکانیشی گرتۆتەوە، بەهۆی ئەو تاوان و گوناهانەوە کە خەڵکی دەستیان داوەتێ، سەرئەنجام دەبێت تاڵاوی هەندێك لە کردەوەکانیان بچێژن ( کە بەرپابوونی جەنگ و کارەساتە سروشتیەکانە) بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ڕێبازی پاکی و خواناسی.

ئەم ئایەتە دەربارەی باردۆخی ئەم گەردوونە دابەزیوەتە خوارەوە، هەر بۆیە پڕواپڕ هاوتەریبی واقعی حاڵی ئەم جیهانەیە کە دەیبینین، کێ لە ئێمە هەیە ڕۆژانە و بگرە ڕۆژی چەند جارێکیش ئەو ئافات ونەهامەتیانە بەچاوی خۆی نەبینێت لە دەوروبەری خۆمان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە هەر لە کەم بوونەوەی بەرووبومی کشتوکاڵ سامانی ئاژەڵ و نەمانی بەرەکەت تێیاندا یان ووشکە ساڵی و نەبوونی باران لەلایەك دەبێت بەهۆی تیاچوونی تەوای ئەو هەوڵ وکۆششانەی کە مرۆڤەکان بەدەستیان هێناوون، لەلایەکی ترەوە لافاو و زریان ورەشەبا وگەردەلوول هۆکاری ئەم تیاچوونەن، بێگومان تاکە هۆکاریش بۆ ئەمانە خراپەو تاوان وگوناهی پەنهان و ئاشکرای مرۆڤەکانە، بۆیە دەبینین هەرکاتێك دەستیان دابێتە تاوان وستەم و زوڵم و زۆر دەرهەق بەمافەکانی نێوان خۆیان، و دەستدرێژی کردنە سەر مافەکانی خوای گەورەش بە سەرپێچی و فەرمانبەرداری نەکردنی وتێکدانی ئەو یاسا و ڕێسا جوانەی پەروەردگار بوونەوەری لەسەر بنیات ناوە سەرەنجام هاوکێشەکە بەو جۆرە دەبێت کە دەبینین هەر لەپیس بوونی ژینگە و ئاوا وهەوا وخراپی بەروبوومەکانی میوە و دانەوێڵە وبڵاوبوونەوەی ئەو هەموو جۆرەی نەخۆشیە کوشندەکانی وەك شێرپەنجە بەهەموو جۆرەکانیەوە لەگەل نەخۆشیە پیسەکانی وەك ئایدز و زوهری و سەیەلان و هاوشێوەکانی، هەموو ئەمانە هیچ نین ئەوە نەبێت مرۆڤەکان کاری سەرەکی خۆیانیان لەبیر چووە و لەو فیطرەتە سەلیمەی کە پەروەردگار خولقاندوونی لایان داوە، و زوڵم وستەم وخراپەکاریەکی لەڕادەبەدەریان ئەنجامداوە ...

گومان لەوەدا نیە بەروبوم و گەنم و دانەوێڵەی جاران زۆر لەمەی ئێستا گەورەترو جوانتر و بەبەرەکەتر بوون، ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل ( ڕەحمەتی خوای لێ بێت ) دەگێڕێتەوە و دەڵێت : لە خەزێنە و سایلۆکانی دەوڵەتی ئەمەویدا جۆرێك لەگەنمیان هەڵگرتبوو وکە هەردەنکێکی هێندەی ناوکە خورمایەك ئەبوون ولەسەریان نوسرابوو ئەمە گەنم ودانەوێڵەی زەمانی عەدل ودادگەری بووە، ئەم چیرۆکە ئیمام ئەحمەد لە مەسنەدەکەی خۆیدا ڕیوایەتی کردوە، هەروایش بووە ئەم ئافات و نەخۆشیانە بەگشتی ئوممەتەکانی کۆن ونوێی گرتۆتەوە، هەرکەس و ئوممەتێك بەردوەوام بووبن لەسەر تاوان وخراپەکاری وسەرپێچیەکانیان لەبەرامبەر فەرمانەکانی

خوای گەورەدا پەروەردگاریش سوونەتی خۆی تێك نەداوە و سزاکانی خۆی بۆ دووبارە کردوونەتەوە، چونکە ئەو زاتە پیرۆزە زاتێکی عادل و دادگەرە و هەرگیز بە زوڵم وستەم وخراپەکاری ڕازی نابێت، خۆ ئەگەر مرۆڤەکان دەستیان هەڵگرتبێت و گەڕابنەوە وبەردەوام نەبووبن خوای گەورەیش لێیان خۆش بووە و ئەو سزایانەی لەسەر هەڵگرتوون وبەرەکەتی زەوی وئاسمانەکانی بەسەردا ڕشتوون، وەك دەفەرموێت : ( وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ ) { الأعراف : ٩٦ } واتە : ئەگەر خەڵکی ئەو گوندو شارانە پروایان هێنابا و، لە خوا ترسیان بووبا و کاریان بەبەرنامەی ئەوکردبا ئێمەش دەرگای گشت خێرو پیتێکی ئاسمان و زەوییمان بە ڕوویاندا واڵا دەکردو، لە ئاسمان وزەوی ڕزق ورۆزیمان دەدان، دیارە خەڵکانی شارنشین زیاتر بەهۆی ڕابواردن و سەرگەرم بوونیانەوە بەدونیاوە، هەرکەمێکیان پروایان دەهێنا و بەرەو هەق دەهاتن، بەڵام لەباتی ئیمان، ئەوانە هەر ملیان نەداو پروایان بە پەیامبەرەکان نەکردو بە درۆزنیان دانان، ئەمجا ئێمەیش بەهۆی کارە خراپەکانیانەوە بەسەختی گرتمانن وتووشی سزای سەختی خۆمانمان کردن .

ئەی پەروەردگار دوات لێ دەکەین بەرەحم ومیهرەبانی خۆت لەگوناهەکانمان خۆش ببە و بەتاوان وخراپەی کەسانی گێل و نەفام لە خۆمان سزامان نەدەیت .